www.kurdistannet.org
5-2-2006 22:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# (شاری مۆسیقارە سپیەکە) و (ئامانج عەبدوڵا سوور) کامیان هەڵەن؟ بێگومان هەردووکییان.

... خەسرەو مەحمود حمە کریم

یا د ێکی گە و رە
چەند رۆژێک لەمەو بەر، یادی هە میشە بەرز ڕا گیراوی 250 ساڵەی لە دایکبوونی هەتاوی پرشنگداری هەمیشەیی مۆسیقای کلاسیکی جیهانی (مۆزارت) بوو، ئەم د ڵ و پەنجە و ڕۆح ناسکە تە نها 35 سا ڵ ژیا، ئەم مرۆڤە چونکە هەموو ژیا نی خۆی بۆ فێر بوون تەرخان کرد بوو، بەرهەم و کاری با شی بۆ قو تابی و قوتا بخانەکانی مۆسیقی و مۆسیقای کلا سیکی جیهانی بە جێ هێشت، جا هە ر بۆیە مۆسیقی و مۆسقا رە کا نی جیها ن بە گشتی و ئە وروپا بە تا یبە تی، یا د ی ڕۆژی لە دا یکبوو نە کە ی بە کا رە بە نا و با نگە کا نی خۆی دە ڕا زێننە وە، بۆ نمونە. . . لە نەمسا هەر سا ڵە ی بە با شترین قو تا بیا نی دوا قۆنا غی کۆلێژی باڵای مۆ سیقا ی ئە و وولآتە یا دە کە بە ڕێوە دە چێت.

لە پێش ئەم یا دە بەرز ڕاگیراوەوە بە چەند ڕۆژێک، لە کا تێکی د یاری نەکراوی گوونجا ودا، کە وە کو بۆ ئەم یا دە پیرۆزە ئاما دە کرا بێت کاک بە ختیار عەلی نوێ ترین بەر هە می خۆی بڵاو کر دە وە کە ڕۆمانی (شا ر ی مۆ سیقا رە سپییە کا ن) ە، کە لە م ڕۆما نە دا کاک بەختیار عەلی جوانترین و بە رز ترین ئاستی با ڵا ی بە مۆسیقا بەخشیووە، کە قا رە مانی ڕۆما نە کە (جە لا دە تی کۆ تر) ە، لە ڕێی نا مە یە کە وە شاد دە بێت بە نوسە رەوەی یا دە وەریەکا نی خۆی، کە ئەویش مامۆستا ی نوسەر (عە لی شە رە فیا ر) ە، ئە بێت ئە وەش باسبکەم کە نا مە کە لە (شارۆخی شارۆخ) ە وە بۆ (ڕەوشە نی مستە فا سە قزی) نێر دراوە، کە لە نێو نا مە کە دا وە کو لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆما نە کە دا ئا ما ژە ی بۆ کراوە عەلی شەرەفیار دەڵێت. . (کۆ مە ڵێک دەفتەری نۆتە و سی دی بوون، هە موویانی لە زەرفەکە دەرهێناو گوتی تەماشابکە، لە هەموو قۆناغە کانی مێژووی مۆ سیقا نموونەم بۆ هەڵبژاردووە، لە ڕێنیساس " ئەمیلۆدی کاڤالێری □ م بۆ هەڵبژاردووە لە گە ڵ"کیوڤانی پیر لۆگی دە پالا سترینا □ لە قۆ نا غی □ بارۆک □ دە زا نم حە زی لە ئەنتۆ نیۆ ڤیڤا لدییە، نمو نە ی تریشم بۆ نار دووە □ هێنری پۆرسیلی □ کە لە کلا سیکە کا نیش □ ها یدن و مۆ زارت □ م بۆ نار دووە و. . . . . . . . هتد)
مامۆستا (شێرکۆ بێ کەس) بۆهاولآتی ژمارە (258) دەنوسێت و دەڵێت (باشبوو، بەختە وە ر بووم، بەر لە دەرچوون و بڵاو بونەوەی ئەم ڕۆمانە نە مرد بووم، ئە گینا دەر فە تی خوێندنەوەی شاکارێکی گەورەی ئەدەبی کوردیم، لەکیس دەچوو) .

یادگاریە ریەکی بچوک
دەست و پە نجەی کورت و درێژی هەر مرۆڤێک، کۆ مە ڵێک یادگاری گەمە و بازی لەگە ڵ پێنوس دا هەیە، بێ گومان مە بە ستم لەو کا تا نە یە کە پەنجە کان، سە رقا ڵن بۆ فێربوون، کە پەنجەکان لە نە زانینیا ندا بوو کە لاوە کی ئێخە ی پێنو سیا ن لەپەنجە ناسکە کا نیا ن گیر دەکرد، پەنجەکان بە قە دە ر ژمارەی هەموو پە نجەکا نی دەست و پێ، ڕۆژ و شە و یا ن بە رێ کرد ووە، بە بازی و وازی و گاگۆڵکێ کرد نی پەنجە لە گە ڵ

پێنو سدا، هەتا بەو لە باوەشگرتنە ژمارەی پەنجەکانی دەستی نوسین، بونە شەش پەنجەی یەکگرتووی ئامادە بۆ نوسین. دیارە چاوویش، گیرفا نی یادگاریەکانی بە تا ڵنین، پڕن لە گەمەی جۆراو جۆری وەک، یەکەم بەرەو روو بونەوەی جووت بیلبیلە، لەگەڵ یەکەم ووشەدا، وە یان یەکەم ئا شنا بونی چا وو لەگەڵ (ی) مراوویدا.

بێ گوومان لووتیش بێ بەش نیە لەو یادگاریانە، یەکەم بۆنی لاستیکی خەت کوژێنەرەوە دوای دابڕانی لە نایلۆنەکەی، یان بۆنی (قەڵەم دادەر) دوای تیژ کردنەوەی قە ڵە مەکە.

ئەوانەی ئەمڕۆ دە نوسن یا ن نوسە رن، ئەخویننەوە یان خوێنەرن، کەم تا زۆر هاو شێوەن لە یادگاریەکانی وەک (گاگۆڵکێ کردنی پەنجەکان بۆ لە باوە شگرتنی پێنووس) وە یان (چاووشارکێ ی زیهن و ووشە لەڕێی چاووەوە) وەیان ئەوانەی کە لە سەرەوە باسما ن کردن.

دوای یادگاریەکانی هونەری فێربوون، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە، هەر تاکێک کە دەنوسێت، وەیان دەیەوێت وەک نوسەرێک، وەڵامێک یان پایامێک یان ڕونکردنەوە یەک، شیکردنەوە یەک، ڕاستکردنەوەیەک، وەیان ڕەخنەیەکی سودمەندی ڕۆشنبیریمان بۆ بەیان بکات وە یان پێ ڕا بگەیە نێت، ئەوا دەبێت دور بێت لە بێڕێزیکردن و خۆ لە گێلیدا نیشاندان، وەیان ڕەوت وڕێچکە خوارکردنەوەی ئەو بابەتەی کە کاکی لە خۆ بووردە بە نیا زە بۆمانی ڕون و ڕێک بکاتەوە.

دەستی (نوسین و نوسەر) دوو دەستی دوو شەش پەنجەیی زۆر لەیەک جودان، هەروەک چۆن (خوێندن و خوێنەریش) دوو دوو چاووی خوێندن و خوێندنەوەن بۆ دوو مەبەستی جود ا.

ئەوەی ئەمڕۆ کورد خۆی بە خاوەنیان دەزانێت، چەند نوسەرێکی چاکی ناوەڕاست و دوای ناوەڕاستی سەدەی پێشوون، کە هەندێکیان خۆشبەختانە لەژیاندا ماون، لەگەڵ هەندێک نوسەری، چاک و بەهێزوو بەتوانا و بێلایەنی پڕ بەهەلوێستی تر کە هیچ لایەن و هێزوو گروپێک، نەیانتوانیوە چ کۆڵیان پێبدە ن، وە یا ن پێنوسیان لێ بکڕن و نە لە ڕێی دەلاڵ و بەکرێ گیراوە کانیانەوە کە لەو سایتانەوە، بە ناوی (نوسەر و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر و دادوەر و دڵسۆز و خەمخۆر) ە کە لەگەڵ ڕیزم بۆ ئەوانەی پێنووسی گوپ خریان بەدەستەوە نیە، کە پێنووس داڕزاوەکان بەهەندێ ناوو نازناوی جوداووە، وەکوو پیرەژنی سەرتەنوور، پەیدا دەبن و برێ قسەو قسەڵۆک دێنن وبرێ ناوو ناوناتۆرە هەڵدەڕێژن و دوایی یان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، وە یان سەری خۆیان شۆڕ وەر دەگێڕن و دە کەونە ووێزەی نێجیرێکی دی.

کە (خوێنەری کوشندە) * و نوسەرو ڕەخنەگری (لەخۆبایی) ئامانج عەبدوڵا سور گیرفان بەتا ڵترین (پەڕە ڕە شکەرەوەیە) لە ووشەو نەزانیی و هەڵە کردندا، وە یە کێکە لەو داماوە بەدبەختە بەکرێ گیراوانە.

ئامانج. ع. سوور کە خۆی بە باشترین کەسی پرۆفشناڵ و سوار چاکترین گەمەزانی سایتی کوردستان نێت دەزانێت، خۆی لێ کردوینە سورەی بەر لەشکرو، دوای هەندێک بە سەرا هەڵدانی ساردوو تووانج و قسەوو قسەڵۆکی بێ مەدلول و بێ مانا، پێمان بڵێت کە کاک بەختیار عەلی ئیلهامی نوسینەوەی ڕۆمانی مۆدێرنی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی لەژێر چەتری حیزبێکدا بۆ هاتووە.

من جارێ نایەمە سەر ئەو هەمووو هەڵانەی کە ئەم خوێنەرە کوشندە (هزر گۆچانی) ە کە خۆی لی کردووینە نوسەر، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە ناو زهنی ئەم قارەمانەوە، بابزانین

چی هەیە لە جوعبەی خەونە پڕ پرخە ئەفسوناویەکانی، سە ر تەنوری ناڕۆشنی ئەم جەنگاوەرە بارگاووی بووەدا. . . . . . .
- وەکوو لە شاگەشکە بونەکەیدا باسی لێوە دەکات، کە لە ڕۆژی 23. 1. 2006 لە کودستان نێت بڵاوی کردووەتەوە، کە سوورە گیان بە گۆرانی هونەرمەند نوری گەرمیانیەوە (لەگەڵ رێزم بۆ ئەم هونورمەندە) دە خو یێنێتە وە، ئەم زاڵمە وە کوو دەر دەکەوێت لەوە دەچێت یابانی مۆخی بۆ جویبێت و خۆی وەک زەنگیانەی بەنەخوێن پچڕا وو بشارێتەوە.
- لە پەیامێکیدا بۆ خەڵکی شاری قارەمانی بابە گوڕگوڕ کە لە ڕۆژی 19، 01، 2006 لە کوردستان نێت دا بڵاوی کردووەتەوە، کەخۆم بۆیم هۆنیوە تە وە بێ دەسکاری یان چەواشەکردنی خوێنەر لە مەبەست، کە ئەو وە کو توند ڕەوێکی ناسیونالیستی کورد، هاوار دەکات و ئەوەندەی من لێ ی گەیشتبم دەیەوێت بڵێت. . . . .

دزدا شە ی عەرەبی لە بە ر مەکە ن، خۆتا ن بیر نە چێ
دەرپێی شێخ محەمەدی چاکترە و، گوێ مە دەنە گرێ کوێرە
سواری حوشتری خا وو مە بن، نیوەی گیا نی کە ژە هرە
خۆتان هەڵدە نە سەر کەری خۆماڵی، کەدڵنیان عەکسی نێرە
مەخۆن خورمای ترشا وو، کە ناوسک پڕ دە کات لە زوخا وو
گوێز بخۆن و پەنجا و هەشت (جۆگە) ش بۆ سلْق، بکەن دێرە.

جا با ئێستا با بێینە سەر ئەو بابەتەی کاکە سوور لە ڕۆژی 18، 01، 2006 دا لە هەمان سایتدا بە ناوی (لە 102 لاپەڕەی شاری مۆسیقارە سپیەکە چی تێگەیشتم).
بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژە نە خایەنێت، بۆ ئەم گێلە فریا دەکەوین تەنها هەڵەکان ڕاست بکەینەوە، کە هە ڵە کا نی گەر مەبەستمان بێت، لەو شەش دێڕەی کە لەسەر ڕۆمانەکە کە نوسیونی، بە قەد ژمارەی دەنکەکانی ناوو یەک پاکەت (شقارتە) ی یُنع فی العراق ی کۆن، دە توانین هە ڵە لە نوسین و پاش و پێش خستن و بێ مانایی و بێ فەڕیە کا نیدا وە دۆزین. هەڵە زۆر زە قە شێواوە داماوەکانی ئەم گێلە بە کورتی. . . .
1. نوسینی (شاری مۆسیقارە سپیەکە) یەکەم دەست پێکردنی کوفری ئەم گۆجەیە، چونکە ڕۆمانەکەی کاک بەختیارعەلی بە ناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ە وەیە، کە ئەو هە ڵە کە ش چە ند جارێک دووبارە دە کاتەوە.
2. نوسیویە (کاتێک لە زیندان ئاشنا دەبێت بەدکتۆر موسای بابلی) هەر باشە نەشی نوسیوە مامۆستا (محەمەدی ماملێ) ، ئەم برادەرە لەوە دەچێت لە ژێر (ترافیک لایت) دا ئەو 102 لاپەڕەی خوێند بێتەوە، ئەگینا قوربانیەکی وەک (د. موسای بابەک) و جەلادێکی وەک (سامری بابلی) چۆن تێکەڵ دەکرێن. دوای ئەوە ئەم زیندانەت چۆن دروست کرد، لە کوێدا نوسراوە ئەو شوێنە زیندانە. ؟
3. یان نوسیویە (ئەوەی من درکی پێ بکەم ئەوەی نوسەر مەبەستێتی شوبهاندنی نۆگرە سەلمانە بەم شارە بەڵام بە فەنتازیاوە) ئەی شوبهە نەبوو لە گەوجیدا، ئەم شوبها ند نە نا دروستەت لە کوێوە هێنا، لەوە دەچێت دنیاشی بۆ گەڕابیت.

- * (خوێنەری کوشندە) بەرهەمێکی بڵاو کراوەی کاک بەختیار عەلییە.
- (شقارتە) کورتە چیرۆکێکی خەڵات کراوی کاک ئامانج. ع. سوورە.

khasraw71@msn. com